**کوردستان لە سێبەری مێژوودا**

ئەم کتێبە لە راستیدا کۆمەڵەی هەندێ وێنەی مێژوویی کوردستانە هاورێ لەگەڵ شەرح و روونکردنەوە و هەڵسەنگاندنیان بە زمانی ئینگلیزی. نووسەر و ئامادەکاری کتێبەکە، خاتوو "سووزان مەیزەلس" سەردانی کوردستانی کردوە و لە سەردانانیدا بە شوێن وێنەی کۆنی کورد دا گەڕاوە. لاپەڕە ٩٦ تا ١١٧ی کتێبەکە تەرخانی بەربەرەکانی کوردی رۆژهەڵات کراوە لەگەڵ سیاسەتی بە مەرکەزی کردنی رەزاشای پەهلەوی.
لەو بەشە و لە شوێنەکانی دیکەی کتێبەکەشدا بۆکان شوێنێکی دیاری نییە و لە راستیدا وێنەیەکی تایبەت بە بۆکان لە کتێبەکەدا چاپ نەکراوە، بەڵام وێنەی لاپەڕە ١٠٦ و ١٠٧ لە سەرەک هۆزانی بەگزادە، دێبوکری، مەنگور و مامەش، نیشاندەری هەندێک ئاغا و سەرەک هۆزی ناوچەی بۆکانە و لەوانە، عەلی ئاغای سەردار ئەسعەد (عەلیار)، حاجی کاکەڵلاغای گەورک، مۆمن بەگی یەکشەوە(فەیزوڵڵابەگی) و ئەحمەد ئاغای ئێلخانی زادە (باوکی نەمر سوارەی ئێلخانی زادە).
بەشی تایبەت بە کۆماری کوردستان (دەوڵەتی کوردی) ش (لاپەڕە ١٧٩ تا ١٨٩) وێنەی پێشەوا و بارزانی و هێمن و هەژار و کابینەی پێشەوای گرتۆتە بەر کە کەسایەتی بۆکانیش وەک نەمران حاجی بابە شێخ و حاجی رەحماناغای ئێلخانی زادەی تێدایە.

Random House Publication, New York, ١٩٩٧, pp. ٣٨٨